# ودرۆ ولـــــــن، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

## (١٨٦٥- ١٩٢٤)

## توێژینەوەیەکی مێژووییە لە ژیان و ڕۆڵی سیاسی و سەرۆکایەتی

ئەحمەد حەمەدئەمین

## پێشەکی

دەمێکە لە نێو سەرچاوە مێژووییەکان هاوتا لەگەڵ مەسەلەی ئاشتیو مافی گەلانی ژێر دەستە، لە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گوێ بیستی ناوی (ودرۆ ولسن) سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبین، لە سۆنگە ئەو ناوبانگەو دەرخستنی کەسایەتی ئەو وەك سەرۆكو کاریگەری بەسەر باری ناوخۆی ئەمەریکاو سیاسەتی نێودەوڵەتی لە سەردەمی سەرۆکایەتیدا، ئەم باسە ئەنجامدراوە.

هەڵبەتە ماوەی هەشت ساڵ فەرمانڕەوایی لە وڵاتێکی وەکو ئەمەریکا، هیندە ئاسان نییە ڕۆڵو کاریگەرییەکانی سەرۆکی تیا بەدەربخەێت، نەخاسمە سەرۆکەش کەسایەتییەکی وەك (ولسن) بێت، هەر بۆیە دەکرێت بووترێ کە ئەمە گەورەترین کۆسپی بەردەم ئەو باسە بوو، لەبەر ئەوەی نەتوانراوە وەکو پێویست پەیی ببدرێت بە هەموو ئەو هەوڵو کۆششانەی کە سەرۆك لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی داویەتی، ئەمەش ڕەنگە لە لایەك بۆ کەمی کاتی ئەنجامدانی باسەکەو، لە لایەکی دیکەش بۆ ئاسان بەردەست نەبوونی سەرچاوە ڕەسەنەکان بگەڕێتەوە، کە ئاشکرایە بەشی زۆری بە زمانی ئینگلیزینو بۆ ئێمەمانانیش وەرگێرانیان تاڕادەیەك ئەستەمەو کاتی زۆری دەوێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانە ئاماژەیان بۆ کرا، هیچ یەکێك لەمانە نەبوونە هۆکاری ئەوەی کارەکە ئەنجام نەدرێت.

بۆ ئەوەی باسەکە وردتر بخەینە بەر دیدی خوێنەر هاتووین دابەشمان کردۆتە سەری سێ تەوەر. تەوەری یەکەم: بۆ کورتەیەك لە ژیانی (وردۆ ولسن) تەرخان کراوە. تەوەری دووەم: تیایدا هەوڵە چاکسازییەکانی لە ناوەوەی وڵات دەخەینە بەر باس. لە تەوەری سێیەمیشدا: ڕۆڵی ناوبراو لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئاماژە پێ دەکەین. لە دواجاریش لە کۆبەندی باسەکە ئەو خاڵانە دەست نیشان دەکەین کە پێ گەیشتووین.

دیارە بۆ باسێکی لەم شێوەیە بۆ ئەوەی زانیارییەکان سوود بەخش بن، پێویست بەوە دەکات زانیارییەکان پشت بە سەرچاوە ببەستن، بۆ ئەوەش ژمارەیەك سەرچاوە بەکار هاتوون وەکو: ( الان نيڤينز و هنرى ستيل كوماجر، موجز تاريخ الولايات المتحدة) وەکو سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بە تایبەت بەشی سێیەم، کە بۆ تەوەری دووەم زۆر سوودمەندبوو. (د. عەونی عەبدولڕەحمان سەبعاوی، مێژووی ئەمەریکا نوێو هاوچەرخ)، ئەمەشیان وەکو ئەکادیمییەك ئاماژە بە زۆرێك لەو ڕووداوانە کردووە بە تایبەت لەسەر ئاستی دەرەوەی ئەمەریکا کە (ولسن)ی سەرۆك ڕۆڵی تیایدا بینیوە، بۆیە بۆ تەوەری سێیەم ڕێگا نیشاندەرێکی باش بوو. (فریشتە نورائی، مێژووی گۆڕانکاریی کۆمەلایەتیو سیاسیی ئەمەریکا) ئەمەشیان هیچی لە وانەی تر کەمتر نەبوو. هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت بکەین، کە بە تایبەت لە وردکارییەکانی ژیانی تایبەتی سەرۆك (ولسن) بۆ تەوەری یەکەم زۆربەی زانیارییەکان لە وەوە وەرگیراون. ئیتر ئەمانەو چەند سەرچاوەیەکی دیکە هەوێنی زانیارییەکان نێو ئەو باسەن، کە لە ڕیز بەندی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کراوە.

بێ گومان باسێکی وا بێ بەش نییە لە کەمو کورتی، بەڵام ئەمەیان بۆ کەمتەرخەمیو بێ باکی ئامادەکارەکەی ناگەڕێتەوە، بۆیە داواکارین بە سەرنجو تێبینییەکانتان هاوکارمان بن لە دەوڵەمەند کردنی زانیارییەکانی نێو باسەکە. خوای گەورە پشتو پەنای هەموو لایەکمان بێت.

## تەوەری یەکەم: سەرقەڵەمێك لە ژیان و چالاکییەکانی ودرۆ وڵسن

(تۆماس ودرۆ وڵسن) لە ٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٨٥٦ لە دێیەکی بچووك لە باشووری ستانتون لە ویلایەتی ڤێرجینیا لە دایك بووە، باوکی زیاتر بە کاری کەنیسەوە خەریك بووەو، دایکشی ژنی ماڵەوە بووە. بەشێك لە ژیانی منداڵی (وڵسن) هاوکات بوو لەگەڵ جەنگی ناوخۆی ئەمەریکا (١٨٦١-١٨٦٥)، بەمەش کاریگەری ڕووداوەکان بەسەر ژیانیدا ڕەنگدانەوەیان هەبووە کاتێك ناوچەکە ڕووبەرووی کاولکاریو هەژاری هاتۆتەوە[١].

لەگەڵ ئەوەی (وڵسن) لە چاویدا کێشەی هەبوو، ئەوەش کاریگەری کردبووە سەر ئەوەی دواکەوێت لە خوێندن، بەڵام دواتر چۆتە بەر خوێندن لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەو خوێندنگا سەرەتایانەی کە کۆنفیدرالییەکان لە ساڵانی جەنگی ناوخۆ دروستیان کردبوو، هەروەها باوکیشی وەکو مامۆستایەك هاوکاری بووە لە فێرکردنی زانستە ئایینییەکان و مێژوو ئەدەبی ئینگلیزی. (وڵسن) لە ساڵی ١٨٧٣ لەگەڵ ئەوەی تەنیا تەمەنی شازدە ساڵان بووە، بەڵام زۆربەی بابەتە سەرەکییەکانی دراساتی ئەکادیمی وەرگرتووە، بۆیە توانیویەتی پەیوەندی بە کۆلێژی دیڤیدسۆن[٢] لە تشارلوت لە ویلایەتی کارولینای باکوور بکات، ناوبراو لە وێدا زۆرێك بابەتەکانی وەك لۆژیك، ڕەوانبێژی، لاتینی و ئینگلیز...هتد خوێندووە، بەڵام خراپی باری تەندروستی (وڵسن)، باوکی تووشی نیگەرانی و دڵراوکێ کردووە، بۆیە لە ژێر پاڵەپەستۆی دەستەی مامۆستایان دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە[٣].

ساڵی ١٨٧٥ (وڵسن) پەیوەندی کردووە بە کۆلێژی نیوجرسی و[٤]، ساڵی ١٨٧٩ بەسەرکەتوویی ئەم قۆناغەی بڕیوە. لە هەمان ئەو ساڵەدا لە خوێندنگای یاسا لە زانکۆی ڤێرجینیا[٥] دەست بەکار بووە، ئیتر دوای تەواوکردنی خوێندنی ئەو قۆناغەش، بۆ ماوەیەك بە کاری پارێزەری خەریك بووە، بەڵام ئەوە نەبۆتە هۆکاری ئەوەی ناوبراو لە خوێندن دابڕێت، بەڵکو بەردەوام بووە تا ئەوەی لە زانکۆی جۆنز هوبکنز[٦] لە ساڵی ١٨٨٦ بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژوو و زانستی سیاسی بە دەست هێناوە[٧].

---

(١) http://ar.wikipedia.org/wiki/ویلسون__وودرو.

(٢) کۆلێژی دیڤید سۆن: سەرەتای دامەزراندنی ئەم کۆلێژە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٣٧، کە لە لایەن کەنیسەوە دروست کراوە، پاشان ڕۆڵی کارای بینیوە لە پێگەیاندنی زۆرێك لە زاناکانی رودس. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

http://www3.davidson.edu.

(٣) http:/millercenter.org/president/Wilson.

(٤) کۆلێژی نیوجرسی: سەرەتای دامەزاندنی ئەم کۆلێژە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٤٦ لە شاری ئیزابیس لە ویلایەتی نیوجیرسی، بەڵام لە ساڵی دواتر گوازرایەوە بۆ نیویۆرك، ئینجا لە ساڵی ١٧٥٦ لە برنستۆن جێگیر بووە، لە بەر ئەوەش لە ساڵی ١٨٩٦ ناوەکەی بۆ زانکۆی برنستۆن گۆڕاوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

http://press.princeton.edu/about_pup/puphist.html.

(٥) زانکۆیی ڤێرجینیا: ئەم زانکۆیە ساڵی ١٨١٩ لە شاری شارلنسفیل لەسەر دەستی (تۆماس جیفرسۆن١٨٠١-١٨٠٩) دامەزراوە، ئێستاکەش یەکێکە لە زانکۆ بە تواناکان لەسەر ئاستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

http//www.virginia.edu.

(٦) زانکۆی جۆنز هوبکنز: ساڵی ١٨٦٧ لە شاری بالتیمۆر لە ویلایەتی ماریلاند دامەزراوە، ناوەکەشی بۆ دامەزرێنەرکەی (جۆنز هوبکنز) دەگەڕێتەوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

www.jnu.edu.

(٧) Chares Seymour, Wilson and the World War,2007. P4.

جێگای ئاماژه بۆ کردنه، (ولسن) له ماوەی کۆتاییەکانی له خوێندنی بالا، له سالی ١٨٨٥ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ (ئەلین لوین) پێکهێناوه[١]. دوای ئەوەی (ئەلین) کۆچی دوایی کردووه، دووباره له سالی ١٩١٥ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ (ئەدیس بولنغ جالت) پێکهێناوەتەوه[٢]. ناوبراو سێ منداڵی بووه به ناوەکانی: (ودرۆ ومارغریت١٨٨٦-١٩٤٤) ، (ودرۆ وجیسی١٨٨٧-١٩٣٣) ، (الیانور ڕاندولف١٨٨٩-١٩٦٧)[٣].

(وڵسن) له سەرەتاکاندا زۆربەی کاتەکانی به کاری توێژینەوەو ئەکادیمییەوه خەریك بووه، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا له بواری کاری ڕێکخراوەیی ڕۆڵی کارای بینیوه و وەك کارکتەرێکی به توانا له گۆرەپانی کارکردن دەرکەتووه[٤]. بۆیه له سەرچاوەکاندا ئاماژه بۆ ئەوه دەکرێت که ڕاشکاوانه ڕەخنەی ئاراسته دەسەڵاتدارانی حکومەت‌و کۆنگرێس کردووه به تایبەت دەربارەی ئەو هەڵومەرجانەی که ئەمەریکا دوای جەنگی ناوخۆیی ڕووبەرووی ببوویەوه[٥].

له ڕاستیدا، خەریك بوونی ناوبراو له سالی (١٨٨٥- ١٨٨٦) له کۆلێژی برین ماور[٦] له پنسلڤانیا به خوێندن له ئابووری سیاسی‌و یاسا، دواتریش بوونی به مامۆستای مێژوو له زانکۆی ویسلیان[٧] له میدڵ تاون له ویلایەتی کۆنیکتکیت. کاریگەری هەبووه لەسەر ئەوەی ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر بێت. بۆیه دەبینین له دوای خۆیدا کۆمەڵێك شاکار له کتێب نووسین وەك کتێبی: جۆرج واشنتن له ١٨٩٦، مێژووی گەلی ئەمەریکی له ١٩٠٢( ئەمەیان پێنج بەرگە)، حکومەتی دەستووری له ویلایەته یەکگرتووەکان له ١٩٠٨، لاپەڕەکانی وردۆ ولسن( ئەمەیان سالی ١٩٦٦ چاپکراوه)و ژمارەیەك له وتارو نووسینی تری له دوایی خۆیدا بەجێ هێشتووه[٨].

(ولسن) سالی ١٩٠٢ وەکو سەرۆکی زانکۆی برنستۆن هەڵدەبژێردرێت، ئەوەش یەکەمین سەرۆك بوو که له پیاوانی ئاینی نەبێت. لێرەشدا ناوبراو هەر زوو هەولی ئەوەیدا زانکۆکه له داب‌و نەریته کۆنەکان پاك بکاتەوەو بەرەوه زانکۆیەکی لیبرال‌و نوێی ببات، هەروەها هەولیدا سوود له ئەزموونی زانکۆکانی تر وەربگرێت، واته به گشتی هەولی ڕیفراندۆمیدا له ناو زانکۆکەدا، لێرەشدا ئەگەرچی له هەندێ هەنگاو ڕووبەرووی بەربەست‌و نیگەران هاتەوه لای خوێندکاران‌و مامۆستایانی زانکۆکه، بەڵام له ماوەی مانەوەیدا له سەرۆکایەتی زانکۆ وەکو خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزو خاوەن لایەنگیر بەدیار کەوت‌و، وەکو چاکسازیکارێك سەیر دەکرا[٩].

---

(١) ئەلین لویز، کەسایەتییەی به توانا بوو، هەمیشەش هاوکارو هەماهەنگی هاوسەرەکەی بوو له کاری ئەکادیمی‌و سیاسی. له کاتێکیشدا هاته کۆشك بوو به خانمی یەکەمی ئەمەریکا، به هەمان نەفەس هاوکاری سەرۆك بوو تا ئەوەی له ٦ی ئابی ١٩١٤ کۆچی دوایی کرد.
http:/millercenter.org/president/Wilson.

(یر) http://www.dhm.de/lemo/html/biografien/WilsonWoodrow/index.html

(یمه)http:/millercenter.org/president/Wilson.

(ئمه)http://ar.wikipedia.org/wiki/ویلسون_وودرو.

(٥) الان نیڤینز و هنری ستیل کوماجر، موجز تاریخ الولایات المتحدة، الجزء الثالث، ترجمة: محمد بدرالدین خلیل، دار المعارف بمصر، ١٩٧٦، ص٣٦٤.

(٦) کۆلێژی برین ماور ئەم کۆلێژه سالی ١٨٨٥ له لایەن (جوزین جورج تابلور) دامەزراوه، دواتریش ڕۆڵی کاریگەری بنیوه له پەرەسەندی خوێندنی بالا له ویلایەته یەکگرتووەکان ئەمەریکا، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانه: http://www.brynmawr.edu.

(٧) زانکۆی ویسلیان: سالی ١٨٣١ لەسەر دەستی یەکێك له کەسایەتییه دیارەکانی شاری میدڵ تاون دامەزراوەو، پاشان پەرەسەندنی باشی به خۆیەوه بینیوه. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانه: www.wesleyan.edu.

()http:/millercenter.org/president/Wilson.

()http://Chares Seymour, Wilson and the World War, P4.

دوای ئەوە قۆناغە ناوبراو لە کاری تایبەتی لە بواری زانستو مەنهەجی دراسی دەستی لە کار کێشایەوە، ڕووی کرد بواری سیاسی[١]، سەرەتاش وەکو خاڵی دەست پێك بووە ئەندامی پیاو ماقوڵانی ئەمەریکا. دوای ئەوە هەڵی بۆ ڕەخسا بووە حاکمی ویلایەتی نیوجرسی لە نێوان ساڵانی (١٩١١- ١٩١٣)، لەم ماوەیەشدا هەم لە سەر ئاستی ویلایەتەکە هەم لەسەر ئاستی پارتایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ توانی بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت تا ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩١٢ توانی پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا مسۆگەر بکات[٢].

لە ماوەی مانەوەی لە کۆشکی سپی ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری بردە سەر ئەگەرچی لە دوای کۆچی هاوسەری یەکەمی ڕووبەرووی بارێکی نائارام هاتۆتەوەو، کاریگەری ئەو ڕووداوەی بۆ ماوەیەك پێوەی دیار بووە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر تەماشای ئارەزووە تایبەتییەکانو ژیانی ئاسایی بکەین دەبنین زۆر حەزی لە یاری (غولف) بووە، هەروەها زۆر ئارەزووی گەشتکردنی هەبووە، جگە لەوەش لە کاتەکانی بێ زاریدا ئارەزووی کردووە هۆنراوەی شاعیرە ئینگلیزییەکان بە دەنگێکی بەرز لە ناو کۆشکدا بخوێنێتەوە. (وڵسن) لەگەڵ ئەوەی وەکو کەسێکی ئاسایی دەرکەوتووە، بەڵام لە زۆرجاریش بە توندی مامەڵە لەگەڵ دەرووبەریدا کردووە، بە تایبەت لەگەڵ سیاسییەکانی دەرووبەریدا، هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کەسایەتییەکی بەتوانا بووە لە ڕاکێشانی سەرنجی بەرانبەرەکەی، جگە لەوەش لە وتاردانda زۆر بە توانا بووە[٣].

(وڵسن)، بە درێژایی ماوەی سەرۆکایەتیدا لە هەوڵو کۆششەکانی بۆ بەقەرابوونی ئاشتی لە جیهانی بەردەوام بووە بە تایبەت لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی(کەدواتر باسی لێوە دەکەین)، بۆیە دەبیین لە ساڵی ١٩١٩ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ دەست نیشان دەکرێت[٤].

ماوەتەوە بڵێین، ناوبراو دوای بەردەوام بوونی بۆ ماوەی دوو خوول لە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (١٩١٣-١٩٢١)، بە تایبەت لە ژێر کاریگەری سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی لە ساڵی ١٩٢١ تووشی نەخۆشی دێتو، ئیتر ژیان بەم شێوەیە دەگوزەرێنێت تا ئەوەی لە ٣ی شوباتی ١٩٢٤ لە واشنتن کۆچی دوایی دەکاتو هەر لە وێشدا بە خاك دەسپێدرێت[٥].

---

(١) لەم سەروبەندە لە ئەمەریکادا دوو ئاراستەی چاکسازی هەبوون: یەکەمیان ئەوانە بوون کە سەر بە ناوچە کشتوکاڵییەکانی ڕۆژئاوا بوون، بوون، زیاتریش گرنگیان بە بواری ئابووری دەدا. دووەمیان لە بەرەی ڕۆژهەڵات بوونو ئەوانە بوون کە بە ڕەچەڵەك ئینگلیز بوون، کاریان بۆ چاککردنی مەسەلەی باجی گومرگی، سیستەمی ئەهەلی، ڕووبەروو بوونەوەی ئیمپریالی دەکرد کە لە ناویاندا کۆمەڵێك کەسایەتی دیاری وەکو (ای.ال. جودکین) بەرێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی (نیشن) لە نیویۆرك، (جورج ویلیم کیرتس)و، (تشارلز دبلیو. ایلیوت) سەرۆکی زانکۆی هارڤەرد، سیاسییەکانی وەکو: (کارل شورز)، (ابرام اسز هیویت)، (جروڤر کلیڤلاند)و، (ودرۆ وڵسن)ی تیابوون. الان نیڤینز و هنری ستیل کوماجر، موجز تاریخ الولایات المتحدة، الجزء الثاني، ص ٣١٥-٣١٦.

(٢) http://www.dhm.de/lemo/html/biografien/WilsonWoodrow/index.html.

(٣) الان نیڤینز و هنری ستیل کوماچر، موجز تاریخ الولایات المتحدة، الجزء الثالث، ٣٦٤ " http:/millercenter.org/president/Wilson.

(٤) http://www.dhm.de/lemo/html/biografien/WilsonWoodrow/index.html.

(٥) http://ar.wikipedia.org/wiki/ویلسون_وودرو.

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی و چالاکی سەرۆك ودرۆ وڵسن لە ناوخۆیی ئەمەریکا

لەگەڵ تێکەڵابوونی بە کاری سیاسی لەبەر ئەو توانا و هێزەی کە هەیبوو لە ڕاکێشانی ڕای بەرانبەرکەی بۆ خۆیی، (وڵسن) بە ماوەیەکی کەم قۆناغەکانی بڕیو، بوو بە کەسایەتییەکی دیار لە بواری سیاسەتداو، هەموو ئەوانەی تێپەراند کە لەم بوارەدا لەگەڵیدا لە پێشبڕێکدابوون. بەمەش لە ساڵی ١٩١٠ بووە بە حاکمی ویلایەتی نیوجرسی، ئیتر لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی لە وێدا، توانی نیوجرسی لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشەو ئالۆزی بگۆڕێت بۆ ویلایەتێکی نموونەیی، ئیتر هەموو ئەو هەنگاوەکان هاوکار بوو لەوەی کە وەکو کەسایەتییەکی سادەو ڕاستگۆ لە کارەکانی دەرکەوێت، ئەگەر بزانیین هەمیشە جەختی لە سەر خزمەتی پارتەکان بۆ میللەت دەکردووەو، لەگەڵ کەسە ئاساییەکان گفتوگۆی کردووەو، زۆر بە دبلۆماسیانە ڕووبەڕوویان بۆتەوە. هەموو ئەمانە وای کرد، وەکو یەکێك لە کەسایەتییە سیاسییە دیارەکانی ئەمەریکا دەرکەوتێتو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لایەنگیرانی ڕوو لە زیادی بکەن. ئەمەش یارمەتیدەری (وڵسن) بوو کە لە دواتر وەکو سەرۆکی ئەمەریکا هەڵبژێردرا[1].

(وڵسن) لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩١٢ هەم بە وتارە بە هێزەکانی هەمیش بە بەڵێنەکانی، ڕۆڵێکی کارای بینی لە مەسەلەی بردنەوە لە هەڵبژاردنەکەدا، لەبەر ئەوەی بەردەوام لە وتارەکانیدا بانگەشەی بۆ گۆڕانکارییەکی کاریگەر دەکرد، کە تیایدا بە تەواوەتی ئازادییەکی نوێ بێنێتە دی. لەوەشدا سێ مەسەلەی گرنگی هێنایە بەر باس ئەویش: یاسا باجی گومرگ، دانانی سیستەمی تایبەتە بە بانكو دراو، فەراهەم کردنی کاری ئازادانە بۆ تاکەکانی کۆمەڵ. جگە لە وەش بە پێویستی دەزانی کە دەبێت دامو دەزگای حکومەت لە خزمەتی کۆمەڵدا بێت، بۆیە دەبێت حکومەت گرنگی بە بواری تەندروستیو ئافرەتو منداڵو هەژاران بدات[2].

بارودۆخی هەڵبژاردنەکانو ململانێی نێوان پارتی کۆماریو پارتی دیموکرات، بە سەرکەوتنی (وردۆ وڵسن) کۆتایی هاتو، دەسەڵات کەوتەوە دەستی دیموکراتەکان کە لە دوای جەنگی ناوخۆوە سەرکەوتنی وایان بە خۆیانەوە نەبینبوو[3]. بەمەش دەبوو (وڵسن) بکەوێتە هەوڵی جێبەجێ بەڵینەکانیو بۆ ئەو مەبەستەش ڕووبەڕووی کۆنگرێس ببێتەوە.

لە ڕاستیدا، بە ماوەیەکی کەم دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی (وڵسن) لە یەکێك لە دانیشتەکان ڕایگەیاند پێویستە باجە گومرگییەکان هەموار بکرێنو، هەموو ئەوانەش ڕەتبکرێنەوە کە شێوەیەك لە پێدانی ئیمتیازاتیان پێوە دیارە، بەڵام ئەوە کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو، ئەگەر بزانیین مەسەلەی باجی گومرگ لە ماوەی جەنگی ناوخۆوە،

---

(١) الان نيڤينز و هنري ستيل كوماجر، موجز تاريخ الولايات المتحدة، الجزء الثالث ، ص ٣٨٤-٣٦٥.

(٢) د. صلاح احمد هريدي، دراسات في التاريخ الامريكي، درا الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، الاسكندرية، ٢٠٠٠، ص ٢٣٤-٢٣٥.

(٣) دیموکراتەکانو کۆمارییەکان ئەمان دوو پارتی سەرەکی سەر گۆڕەپانی سیاسی ئەمریکان، کە سەرەتاکانی دامەزراندیان دەگەڕێتەوە بۆ سەروبەندی ئەم ناکۆکیانەی کە هاوڵاتی ئەمەریکی بوون بە دوو گروپەوە، دیموکراتەکان بە سەرۆکایەتی( تۆماس جیفرسۆن)، کە لە ناو گەلدا پشتیوانییەکی باشی هەبووو پاڵپشتی لە فراوانکردنی دەسەڵاتی ویلایەتەکان دەکرد. کۆمارییەکانیش بە سەرۆکایەتی (ئەلگزەندەر هاملتۆن)ی ئۆرەستۆکراتی پارێزگار بوو کە بەلای بەهێز کردنی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ دایدەشکاند. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ڤیان مەجید، سیستەمی حزبی لە ئەمریکاو کاریگەری لەسەر سیستەمی حکوڕانی دەوڵەتەکە چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، ٢٠٠٨، ل٤٣ بە دواوە.

کەوتبووە گێژاوێکەوە، تەنانەت هەوڵەکانی( غروفر کلیفلاند) [1]ش، توانی بووی هەندێ گۆڕانکاری کەمی تیادا بکات، هەروەها ئەوانەی دوای ئەویش شتێکی بەرچاویان لەم بارەیەوە ئەنجام نەدابوو. بەمەش لە سەرەتادا ئەوە بەدی دەکرێت، کە (وڵسن) ڕووبەرووی گرفت بۆتەوە، بەڵام سوور بوونی لەسەر بابەتەکەو تۆمەتبارکردنی دەستەی یاسادان لە بەرانبەر ڕای گشتی کاریگەری هەبوو لەسەر گۆڕینی هەڵوێستان، چونکە (وڵسن) پێ وابوو ناکرێت لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی بەرژوەندییە گشتییەکان فەرامۆش بکرێن، جگە لەوەش مەبەستی بوو هەلێکی ئابووری بۆ هەموو کۆمەڵگا دەستبەر بکات، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە دەست بگرێت بەسەر ئەو تایبەتمەندیانەی کە بە هێزو دەوڵەمەندەکان هەیان بوو. ئیتر لە دوای دەرکردنی یاسای گومرگی توانی ڕێژەی باجەکان زۆر کەم بکاتەوە، بە ڕێژەیەك کە لە دوای جەنگی ناوخۆوە کەم بوونەوەی وای بە خۆیەوە نەبینی بوو، بۆیە ئەم هەنگاوەی سەرۆك لەسەر ئاستی ویلایەتەکانی ئەمریکا بە گشتیو ناوچەکانی باشوورو ڕۆژئاوا بە تایبەتی بە گرنگ وەسف کرا[2].

لە لایەکی دیکە، دەمێك بوو ئەمەریکا ڕووبەرووی مەسەلەی قەیرانی بانکەکانو دراو ببوویەوە. (وڵسن) لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا پەیمانی ئەوەیدا بوو کە چارەسەری ئەوە مەسەلەیەش بکات، لەم بارەیەوە ناوبراو ڕای وابوو کە دەبێت کۆنترۆڵ بە دەست دەسەڵاتی گشتییەوە بێت نەك دەسەڵاتی تاك، حکومەت پێویستە لەسەری ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، چونکە بانکەکان تەنیا دەزگایەکن نەوەك دەسەڵات، تا کۆنترۆڵی بازرگانیو پیشەسازیو پرۆژەکان بکەن. ئیتر بۆ ئەو مەسەلەیەش سەرۆك لە ساڵی ١٩١٣ یاسایەکی پێشکەش بە کۆنگرێس کرد بە ناوی یاسای یەدەگی فیدراڵی، کە تیایدا دوانزدە بانکی هەرێمی دامەزران، لە ژێر کۆنترۆڵی ئەنجوومەنی یەدەگی فیدراڵیو، ئەندامەکانی لە لایەن سەرۆکەوە دەست نیشان دەکران. ئەو سیستەمە نوێیە لە توانایدا هەبوو مەسەلەی مامەڵەی بازرگانیو قەرزە پێشکەش کراوەکان بە کۆمپانیاکانو کەمی ڕێژەی پارەی ئاڵوگۆڕ کراو چارەسەر بکات، هەروەها بە پێی ئەو سیستەمە نرخی سووی پارە، بانکی فیدراڵی دەست نیشانی دەکرد، ئەمەش ڕێگرییەك بوو لە بەردەم کۆمپانیاکان کە لەمەوپێش بە ئارەزووی خۆیان دیاریان دەکرد. سەرباری ئەوانەش ئەو سیستەمە لە توانایدا بوو ڕێژەی پارەی بانکەکان دیاری بکات، ئەمەش ڕێگای خۆشکرد لەبەردەم دامەزراندنی سندوقی یەدەگ بۆ کاتی پێویست، هەروەها ئەو سیستەمە پارەی کاغەزی یەدەگی بەردەست خست، کە پارەیەك بوو لە ژێر دەسەڵاتی حکومەت دابوو. ئیتر ئەم هەنگاوە ئاسانکاری زۆری کرد بۆ بانکەکانی باشوورو ڕۆژئاوا کە دەمێك بوو بایەخیان نەمابوو تا ئەوەی بەگەڕ بکەونەوە. ئەوە لە لایەك. لە لایەکی دیکەشەوە کاریگەری هەبوو لە کاتێك خەریك بوو ئەمەریکا ڕووبەرووی قەیرانەکانی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی بێتەوە [3].

مەسەلەیەکی دیکە کە پێشینەکەی بۆ سەردەمی بەر لە سەرۆکایەتی (وڵسن) دەگەڕایەوە، دەبوو سەرۆك هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی بهاوێت، ئەویش کارکردنی ئازادانە بوو یاخود بەرەنگاربوونەوە بوو لەگەڵ مەسەلەی قۆرخکاری، لەبەر ئەوەی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەشێك لە خاوەن پشەسازە گەورەکان لە دەوری یەکتر کۆبووەنەوەو

---

(١) غروفر کلیفلاند: ستیڤن غروفر کلیفلاند لە ١٨ی مارتی ١٨٣٧ لە نیوجرسی لە دایك بوو، ساڵی (١٨٥٥-١٨٥٩) یاسای خوێندووە، دواتر کاری پارێزەری کردووە، ئینجا هاتۆتە بواری سیاسەتو سەر بە پارتی دیموکراتی بووە، ناوبراو لە (١٨٨٥-١٨٨٩) بۆتە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:
http://millercenter.org/president/Cleveland.

(٢)د. صلاح احمد هريدي، دراسات في التاريخ الامريكي، ص٣٣٤“http://millercenter.org/president/wilson .

(٣) الان نيڤينز و هنرى ستيل كوماجر، موجز تاريخ الولايات المتحدة، الجزء الثالث، ص ٣٦٥-٣٦٦” د. فضل الله قوڕەیش، مێژووی ئەمریکا سیاسیی- ئابووری- جوگرافی، وەرگێڕانی: عەلی حاجی زەڵمی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل ١٠٤.

شێوازێك لە ڕێكخستنی قۆرخكارییان پێوە دیاربوو، بە ئامانجی لێدان لە بەرژەوەندی بازرگانە بچووكەكان، لە ڕێگا بەرزكردنەوەی نرخ و كەم كردنەوە ڕێژەی بەرهەم هێنان[1]. هەربۆیەش دەبینین لە ساڵی ١٨٩٠ یاسای (شیرمان)[2]، بە ئامانجی ڕێگا خۆشكردن بۆ پێشبركێ و هەنگاونان بۆ بازاڕی ئازاد دەرچوو، بەڵام ئەو هەنگاوەش وەكو پێویست نەیتوانی بوو چارەسەری مەسەلە بكات. بۆیە سەرۆك (وڵسن) لە ساڵی ١٩١٤ یاسایەكی بە ناوی( كلایتون) پێشكەش كرد. بە پێ ئەو یاسایە چاودێری مەسەلەی خراپ بەكارهێنانی بازاڕ كراو، ڕێگە نەدەدرا نرخەكان بە ئارەزوو خەڵكانێك هەڵبەزو دابەز بكات و یان شێوەیەك لە قۆرخكاری پێوە دیاربێت. جگە لەوە ئەو یاسایە ڕێگای گرت لە بەردەم كۆمپانیا گەورەكان هاوكارو ڕێكەوتن لە نێو خۆیاندا ببەستن، بەمەش لە وەها هەنگاوێكی لەم شێوەیە بەڕێوەبەری كۆمپانیاكە ڕووبەرووی لێكۆڵینەوەی یاسای دەبوویەوە، هەروەها یاساكە حاكمی ویلایەتەكانی بە پابەندبوون پێوەی بەر پرسیار كردبوو. ئەوە سەرەڕای ئەوەی بە پێی یاساكە لێژنەیەكی یەكێتی بازرگانی دامەزرا، بە ئامانجی كاركردنی بازرگانی و پیشەسازی، لەوەشەوە ڕێگەدرا بوو بە پێشكەش كردنی گازاندە لە بەرانبەر هەر كارێكی نادادپەروەرانە تا لێكۆڵینەوەی تیادا بكرێت. ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەوە، (وڵسن) لە یاسای یەكێتیدا مەسەلەی دانی قەرز بە جوتیارەكانی دانا بە مەرجێك سووی قەرزەكە كەم بێت و ماوەی دانەوەكەشی درێژ بێت. دواتر یاسایەكی بۆ كۆگای نێردراوەكان دەركرد. هەروەها لە ساڵی ١٩١٥ یاسای كرێكارانی دەریا دەرچوو، كە تیایدا كرێكارانی لە هەموو چەوسانەوەیەك پاراست. ساڵی ١٩١٦ یاسای (ئەدامسون) دەرچوو، تیایدا سەعاتی كاركردن بۆ كرێكارانی هێڵی ئاسن كرایە هەشت سەعات. دواجار یاسای دوورخستنەوەی منداڵ لە كاركردن بە تەواوەتی لە ئەمەریكا لەو سەردەمە كەوتە بواری جێبەجێ كردنەوە[3].

(وڵسن) هەر لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ دەسەڵاتەكەی، ئەگەرچی لە سەرەتا لەگەڵ بزووتنەوەی ئافرەتان ناكۆك بوو، بەڵام بە هۆی ئەو ڕۆڵەی ئافرەتان بینیان لە وەرگرتنی پۆستە سەرەكییەكان و فەرمانگەی كاروبارە جیاوازەكان لە ماوەی جەنگی یەكەمی جیهانی، سەرسوورمانی لە بەردەم هەوڵەكانیان خستە ڕوو، بۆیە لە ساڵی ١٩١٨ زۆری كردە سەر كۆنگرێس و بە پێویستی زانی هەمواری دەستوور بكرێت و، بە بێ جیاوازی مافی دەنگدانی ئافرەتان لە هەموو ویلایەتەكان دەستەبەر بكرێت، ئیتر هەر ئەوە بوو كۆنگرێس دەست پێشخەرییەكی لەم شێوە بابەتەی كرد لە هەمواری ساڵی ١٩٢٠و، لە نێو دەستوورەكە جێگای ئەو مەسەلەیەی كردەوە[4].

شیاوی باسە، لەگەڵ هاتنە سەركاری (وڵسن)، چاكسازییەكان ئاراستەیەكی دیاری كراویان وەرگرت و، بیرۆكەی چاكسازیخوازەكانی ئەو سەردەمەو بایەخدانیان بەگرفتی ژیانی شارنشین و كرێكاری بوونە هۆكاری كەمبوونەوە دەنگی ناڕەزایی لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئەمەریكا[5]. ئیتر ئەمەش زیاتر ڕێگا خۆشكەربوو لەبەردەم سەرۆك كە ئاراستەی سیاسی دەرەوە وڵاتەكەشی بگۆڕێت كە لە تەوەری داهاتوو باسی لێوە دەكەین.

---

(ت)http://ency.algeeria.com.

(٢) ئەو یاسایە لە ساڵی ١٨٩٠ دەرچوو، لە كاتێكدا حكومەت ڕووبەرووی كێشەی هێڵی ئاسنی و، زیاد بوونی دەسەڵاتی كۆمپانیاكان هاتبۆوە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: رودولف جای، أربریتز، قانون شیرمان لمنع الاحتكار للعام ١٨٩٠.

http://iipdigital.usembassy.gov.

(٣)الان نیڤینز و هنری ستیل كوماجر، موجز تاریخ الولایات المتحدة، الجزء الثالث، ص ٣٦٧“ كلود جولیان، الحكم و التاریخ او مئتا عام من تاریخ امریكا، ترجمة: نخلة كلاس، الطیبة الثانیة، دار خلاس للدراسات و الترجمة والنشر، دیمشق، ١٩٨٩، ص١١٩.

(٤) د. فضل الله قورەیش، مێژووی ئەمریكا سیاسیی– ئابووری– جوگرافی، ل١٠٣“

N. Asokan, a study of American History, THE MOTHER SERVICE SECIETRY, P.108.

(٥) فریشتە نورائی، مێژووی گۆڕانكاریی كۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەمەریكا، وەرگێڕانی: هەورامان فەریق كریم، چاپی یەكەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧، ل ١٦٥.

## تەوەری سێیەم: ڕۆڵی سەرۆك ودرۆ ولسن لە سیاسەتی دەرەوە ئەمەریكا

(ولسن) كە بە نوێنەری میسالیو بیری دیموكراتییانەی ئەمەریكا دەژمێردێت لە سەدەی بیستەمدا، هەمیشە بە درێژایی ماوەی سەرۆكایەتییەكەی هەوڵی گونجاندنی بنەما ئەخلاقییەكانو سیاسەتی بەیەكەوە ژیانی داوە، بەمەش زیاتر لە خزمەتكارێكی مرۆڤایەتیو بانگەشەكارێكی ئەخلاقی دەچێت تا ئەوەی سیاسەتمەدارێكی دڵ ڕەقو دەسەڵاتخواز بێت، لەبەر ئەوەی باوەڕی وابوو كە بۆ دەستەبەركردنو پاراستنی مافی مرۆڤ پێویستە هەموو نەتەوەكان پێكەوە هاوكاری بكەنو جیهان بۆ پەرەسەندنی دیموكراسی ئارام ئامادە بكەن[(١)]. بەڵام ئەگەر لە ڕوویێكی دیكەوە سەیری سەرۆك بكەین وا دەرناكەوێت ئەگەر بزانین لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی دەكەوێتە جموجوڵو چالاكی بەرەو مەكسیكو، دواجار داوای لە سەرۆكی ئەو وڵاتە دەكات دەست لە سەرۆكایەتی هەڵبگرێت. كاتێكیش (ئەویرنا) سەرۆكی مەكسیك داواكارییەكەی بە هەند هەڵناگرێت، هێزەكانی ئەمەریكا هێرشیان كردۆتە سەر شاری (فیراكروس)و داگیریان كرد، بەمەش بە ناچاری (ئەویرنا) دەستی لە كار كێشاوەتەوە[(٢)]. لێرەشدا ڕەنگدانەوەی سیاسەتی دەرەوەی (ولسن) بە تەواو بە دیار دەكەوێت كە لەگەڵ هاتنە سەردەسەڵاتی ئاماژەی بۆ كرد بوو: " **وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا گەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتنی تەواوی‌و قۆناغی كەرناگیری بەسەرچوو... سەردەمێكی نوێ دەستی پێكردووە، پێویستە لە سەرمان لە ئێستاوە سەركردایەتی جیهان بكەین**"[(٣)]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێ (ولسن) لەوە گەیشتبوو كە قۆناغی سیاسەتی بێ لایەنو دەست تێوەرنەدان لە كاروباری جیهان لە لایەن ئەمەریكاوە كۆتایی هاتووەو كاتی ئەوەیە وڵاتەكەی بە سەقامگیرییەكی تەواو ئەركە نوێكەی لە جیهان قبوڵ بكات.

ئەمەریكا خەریك بوونی وڵاتانی ئەوروپا بە جەنگی یەكەمی جیهانی لەو كاتەدا بە هەلزانی[(٤)]، بۆیە لە سەردەمی سەرۆكایەتی (ولسن) سیاسەتی فراوانخوازی ئەنجامێكی بەرچاوی هەبوو، ئەگەر بزانین ئەمەریكا لە هاوینی ١٩١٥ دەستی گرت بەسەر دوورگەی (هایتی)و، لەساڵی ١٩١٦ كۆماری دۆمەنیكیان، ئەوە سەرەڕای ئەوەی هەر لەو ساڵەدا دانیماركی ناچار كرد دەست لە هیندی ڕۆژئاوا هەڵبگرێت. ئیتر هەر ئەوە بوو دواتر پەیوەندییەكانی ئەمەریكاو وڵاتە گەورەكانی ئەوروپا بە تایبەت بریتانیای بەرەو ئاڵۆزی برد[(٥)].

---

(١) د . عبدالعزیز سلیمان نەوار ود. عبدالمجید نەعنەعی، مێژووی هاوچەرخ" ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسییەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی"، وەرگێڕانی: خالید هەركی، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩ ل٥٠٧“ د. ناهدة ابراهیم دسوقي، دراسات في التاریخ الامریكي، دار المعرفة الجامعیة، مصر، ص١٤٣.

(٢) مەكسیك لەم سەروبەندە بووە شانۆی ململانێی نێوان ئەمەریكاو بریتانیا، لەبەر ئەوەی هەر دوولا بەرژەوەندی ئابوورییان لە ناوچەكەدا هەبوو، لێرەشدا كاتێك مەكسیكو بریتانیا لە ساڵی ١٩١٣ لە یەكتر نزیك كەوتنەوە، ئەمەریكا ئەوەی بە ئاسانی بۆ قوت نەدرا. د. عەونی عەبدولرەحمان سەبعاوی، مێژووی ئەمەریكا( نوێو هاوچەرخ)، وەرگێڕانی:د. محمد عبدالله كاكەسور، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٩٤-١٩٥.

(٣) لە لایەن ئەمەریكییەكان بە تایبەت (ولسن)و( ولیام جینینغز براین ١٩١٣-١٩١٥)ی وەزیری دەرەوە هەوڵی ئەوەدرا ئاشتییەكی بەرفراوان بەرقەرا بێت، لێرەشدا لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە وڵاتانی ئەوروپی هەنگاوەكەیان بە پەسند زانی، بەڵام ئەڵمانیا بە ئاشتییەكی لەم شێوەیە ڕازی نەبوو، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. عبدالعزیز سلیمان نوار ود.محمود محمد جمال الدین، تاریخ الولایات المتحدة الامریكیة من القرن السادس عشر حتی القرن العشرین، دار الفكر العربي، مصر، ١٩٩٩، ص١٤٤.

(٤) كمال مظهر احمد، اضواء علی قضایا دولیة في الشرق الاوسط، بغداد، دار الحریة للطباعة، ١٩٧٨، ص٣٩-٤٠.

(٥) د. عەونی عەبدولرەحمان سەبعاوی، مێژووی ئەمەریكا( نوێو هاوچەرخ)، ل١٩٥“ ستیڤن ڤنسنت بنیە، امریكا، ترجمة: عبدالعزیز عبدالمجید، مكتب الولایات المتحدة للاستعمالات، القاهرة، ١٩٤٥، ص ١٥٧-١٥٨.

سەروبەندی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەمەریکا لە سیاسەتی دەرەوەیدا سوور بوو لەسەر خۆ بەدوور گرتن لەو ڕووداوانەی کە لە دەرەوەی ئەمەریکا ڕوودەدەن[1]. بۆیە سەرۆك لەم بارەیەوە دەڵێ:" **ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئاست ئەو جەنگەدا دەبێت بە بێ لایەنی بمێننەوە بە وتەو کردار، هەروەك چۆن لە بیرکردنەوەیاندا بێ لایەن بن**"[2].

ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە (ولسن) مەسەلەی لایەنگیری کردن لە بەشدار بوونی ئەمەریکا لە جەنگ لە دژی نەیارەکانیشی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان ساڵی ١٩١٦ بەکار هێنا، بەڵام لەوەدا بە تەواوەتی مەبەستی دوورخستنەوە ئەمەریکا نەبوو لە شەڕدا، بەڵکو مەبەستی بوو شەرەف و سەروەرییەتی ئەمەریکا لە شەڕی وڵاتە شەڕخوازەکان بپارێت. چونکە لە وتارێکیدا دەڵێ:"**دەزانم دەتانەوێ ئەم میللەتە لە جەنگ بپارێزم. ئەم کاتە هاتووەو پەیمانم داوە کە بە هاوکاری خوداو بە پێی توانا ئەو کارە بکەم... بەڵام ئەرکێکی دیکەشتان داوە بەسەر شانما ئەویش پاراستنی سەروەری ئەمەریکایە، ئەم کارەش دەسەڵاتی منی بەسەردا نییەو، لەسەر کردەوەی کەسانی دیکە وەستاوە...**"[3].

لە ڕاستیدا، کاتێك شەڕ لە بەرەکانی ئەوروپا بە لای ئەڵمانەکان پار سەنگ بوو، (ولسن) هەوڵیدا ڕۆڵی ناوبژیکەر ببنێت و ئاشتی لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکان بێنێتە ئاراوە، بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیارەکانی لە کانوونی دووەمی ١٩١٧ لە وتارێکدا لە ژێر ناونیشانی (ئاشتی بێ سەرکەوتن) پێشکەشی کۆنگرێس کردو وتی:"**ئەرکی سەرشانمان ئەوەیە جیهان بکەینە شوێنێکی بێ شەڕ، پێویستە ئاشتی جیهانی لەسەر بنەمای ئازادی سیاسی بێ، ئێمە هەوڵ دەدەین ئامانجەکانمان گیانی خۆشەویستی تیابێت، ئێمە داگیرکاری و موڵکایەتیمان ناوێت**"[4]، بەڵام لێکدانەوەی وڵاتە زلهێزەکان بە تایبەت بریتانیا و فەرەنسا بەوەی سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە بە کردەوە کەوتنە ژێر دەستی دەوڵەتێکی سەرمایەداری وەکو ئەمەریکا دەگەیەنێت، بۆیە هەر دوولا ڕەتی ئەوەیان کردەوە کە شەڕ ڕابگیرێت تا هاتنە کایەی ئاشتییەکی ڕاستەقینە[5].

شیاوی باسە، دوای هاتنە پێشەوە هەندێ ڕووداوی تایبەت، ئیتر ئەمەریکا نەیتوانی خۆی لە جەنگەکە بە دوور بگرێت[6]، ئەوەش کاریگەری کردە سەر (ولسن)، بۆیە لە ٢ی نیسانی ١٩١٧ چووە نێو کۆنگرێس و وتارێکی خوێندەوەو وتی: "**ئێمە لەگەڵ گەلی ئەڵمانیادا شەڕ ناکەین، بەڵکو تەنها ڕووبەڕووی دیکتاتۆریەتی سەربازی دەوڵەتی**

---

(١) کۆمەڵێك فاکتەر هەبوون کە ئەمەریکاییەکان لە سەرەتاوە بەشداری جەنگ نەبوون لە وانە: دووری جوگرافیای ئەمەریکا لەشەڕەکە. ئامادە ئامادە نەبوون بۆ بەشداری جەنگێکی ئاوا بە تایبەت لە دەرەوە ئەمەریکا، جگە لەوەش ناوەندی دەسەڵات لەو بڕوادابوو، دەتوانێت پیشەسازی خۆی گەشە پێ بدات لەسەر حیسابی لایەن شەڕکەرەکان، هەروەها ئەمەریکا قازانجی لەوەدا بوو دەوڵەتە ئەوروپییەکان لاوازو بێ توانا بن بە تایبەت لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە، چونکە وەکو کۆسپێك وابوون لە بەردەم بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکان. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت گەلی ئەمەریکا لە ژمارەیەك گەلانی ئەوروپا پێکهاتبوون، بۆیە هەندێك وای بۆ دە چوون کە پێویست دەکات ئەمەریکا بە بێ لایەنی بمێنێتەوە، ئەوەك کار بکاتە سەر باری ناوخۆی ئەمەریکا و دوو بەرەکی لێبکەوێتەوەو هەر تاخم و میللەتێك پشگیری لایەنێکیان بکات. بەمەش سیاسەتێکی حەکیمانە گیرایە بەر، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا تاکە وڵات بوو لە جەنگەکە بە دەستکەوتی گەورەو کەمترین زیان هاتە دەرەوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. عەونی عەبدولرەحمان سەبعاوی، مێژووی ئەمەریکا( نوێ و هاوچەرخ)، ل٢٠٤.

(٢) د. عبدالعزيز سليمان و د. عبدالمجيد نعنعي، تاريخ الولايات المتحدة الاميركية الحديث، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٧٣، ص ١٥٨-١٥٩.

(٣) الان نيڤينز و هنرى ستيل كوماجر، موجز تاريخ الولايات المتحدة، الجزء الثالث ، ص ٣٧٢.

(٤) د. ئاراس فەریق زەینەڵ، مێژووی ئەمەریکا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٦٩.

(٥) كمال مظهر احمد، اضواء على قضايا دولية في الشرق الاوسط، ص٤٨.

(٦ ) بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕی هۆکاری بەشدار بوونی ئەمەریکا لە جەنگی یەکەمی جیهانی. بڕوانە: الان نيڤينز و هنرى ستيل كوماجر، موجز تاريخ الولايات المتحدة، الجزء الثالث ، ص ٣٧١-٣٧٢" د. عبدالعزيز سليمان و د. عبدالمجيد نعنعي، تاريخ الولايات المتحدة الاميركية الحديث، ص١٥٧ ومابعدها.

**ئەڵمانيا دەبينەوە، دەبێت دونيايەك دروست بكەين كە ديموكراسی تيايدا بپارێزرێت، ئێمە ئێستا لە پێناو ئەو بنەمايە تێدەكۆشين كە بە مافی مرۆيی ناو دەبرێت، بۆ پاسەوانی كردنی مافە ڕاستەكانی نەتەوە بچووكەكان و ئازاديان، بۆ بەرقەراكردنی لێك تێگەيشتنی نێوان نەتەوە ئازادەكان، بە مەبەستی چەسپاندنی مافی دان پێدانراوی هەر يەكەيان شەڕ دەكەين، ئاشتی و ئارامی هەموو وڵاتان لە پێناوی دابينكردنی ئازادی جيهاندا دەستبەر دەكەين"**[١]. بەم شێوەيە ئەمەريكا لە ٦ی نيسانی ١٩١٧ لە تەك وڵاتانی هاوپەيمان هاتە ناو جەنگی يەكەمی جيهانييەوە و ڕۆڵی كارايی بينی لە يەكلاكردنەوەی جەنگەكە[٢].

(وڵسن) لەگەڵ ئەوەی بڕياری بەشداربوونی لە شەڕدا، بەڵام لە هەوڵەكانی بەردەوام بوو لەگەڵ بريتانيا و فەرەنسا بۆ دەستەبەركردنی ئاشتی، چونكە ئەو پێی وابوو ئاشتی تەنيا لەگەڵ يەكسانيدا بەردەوام دەبێت، ئەوە ئاشتييەی كە ئاسايشی وڵاتە بچووكەكان، ئازادی دەرياكان، سنووری چەك و تەقەمەنی دەستەبەر بكات و هێزێكی ئامادەباش ئەركی پاراستنی ئاشتی جيهان دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام كاتێك لەوەدا سەركەوتوو نەبوو، لە ٨ی كانوونی دووەمی ١٩١٨، چواردە بەندەكەی خستە بەردەم كۆنگرێسی ئەمەريكاوە، كە لە ناوەڕۆكی بەندەكانيدا پێشنياری قەدەغەكردنی ڕێكەوتننامەی نهێنی، دەستپێكردنی سياسەتە ئاشكراكان، دابين كردنی ئازادی دەرياكان، يەكسانی مافی بازرگانی و، دامەزراندنی ئەنجوومەنی ڕێكەوتنی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ئاسايشی جيهان كردبوو[٣].

قۆناغی دوايی كۆتايی هاتنی جەنگ، (وڵسن)ی ڕووبەڕووی ئەركێكی قورس كردەوە لە كاتێكدا لە ناوخۆيی وڵاتەكەی ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆربوويەوە، بە تايبەت لە لايەن كۆماريخوازەكانەوە، چونكە ئەوان بە مەبەستی برەودان بە بازرگانی و بەرژەوەندی سەرمايەدارە گەورەكان، مەسەلەی دەستێوەردان لە سياسەتی ناوخۆی ئاسيای ڕۆژهەڵات و ئەمەريكا لاتينيان بە پێويست دەزانی، بۆيە لەگەڵ دەست تێوەردانی ئەمەريكا لە سياسەتی ناوخۆی ئەوروپا نەبووو بە پێچەوانەی نەريتەكانی ڕابردوو دەيان دايە قەڵەم. (وڵسن) لە وەها بارودۆخێكی پڕ لە كێشە و ئاڵۆزدا بۆ بەشدار بوون لە دانيشتنەكانی ئاشتی لە پاريس لە ساڵی ١٩١٩ بەرەوە فەرەنسا كەوتە ڕێ[٤].

بڕياری بەشداركردنی سەرۆك لە كۆنگرەی ئاشتی، لە ناوخۆی ئەمەريكا ڕووبەڕووی ڕەخنە بوويەوە، چونكە لە كلتوری باوی ئەمەريكادا نەبوو سەرۆك لە ئان و ساتێكی وادا وڵات بە جێ بهێڵێت. (وڵسن) لەو كۆنگرەيەدا وەك كەسايەتييەكی فريادرەس بەديار كەوت و، لە هەموو ئەمەريكييەكانی بەر لە خۆيی و دوايی خۆيدا بە پەرۆشتر بوو بۆ هۆشدارييەكی فراوان و ئاواتێكی مەزن، ئەوەش زياتر لەوە ڕەنگيدايەوە كە لە كۆنگرەكەدا وەك كەسێكی خاوەن ويژدان و خاوەن مێشكێكی بێ لايەن دەركەوت، بە شێوەيەكی وا جيهان هيچ جۆرە ناكۆكييەكی ئەدەبی و مەعنەوی تيادا ديار نەبێت، چونكە هانی هەموو لايەكی دەدا كە ئاشتييەك بەرقەرار بێت سەركەوتنی لە شەڕ پێوە ديار نەبێت[٥]. نەبێت[٥]. لێرەشدا ئەوە پشت ڕاست دەبێتەوە كاتێك لە ٣ی كانوونی يەكەمی ١٩١٩ لە وتارێكدا دەڵێ:" **كاری ئێمە لە**

---

(١) فريشتە نورائی، مێژووی گۆڕانكاريی كۆمەڵايەتی و سياسيی ئەمەريكا، ل ١٨٦.

(٢) بۆ زياتر زانياری لە مەڕی ڕۆڵی ئەمەريكا لە جەنگی يەكەمی جيهانی. بڕوانە: الان نيڤينز و هنری ستيل كوماچر، موجز تاريخ الولايات المتحدة، الجزء الثالث ، ص ٣٧٣–٣٧٦" د. عبدالعزيز سليمان و د. عبدالمجيد نعنعي، تاريخ الولايات المتحدة الاميركية الحديث، ص١٨٠–١٨٢.

(٣)بۆ زياتر زانياری لە مەڕ ناوەڕۆكی بەندەكان بڕوانە:

**Wilson's Fourteen Points. An Address to a Joint Session of Congress** .(لە ئينتەرنيت وەرگيراوە)

هەر چەندە سەرۆك وڵسن بە دامەزرێنەری كۆمەڵەی گەلان دادەنرێت، بەڵام خاوەنی بيرۆكەكە سەرۆك( ثيودور رۆزفلت ١٩٠١–١٩٠٩)و سەرۆك( وليم هارد تافت ١٩٠٩–١٩١٣) بوون. د. ناهد ابراهيم دسوقي، دراسات في التاريخ الامريكي، ص١٤٦.

(٤) د. عەونی عەبدولرەحمان سەبعاوی، مێژووی ئەمەريكا( نوێ و هاوچەرخ)، ل٢٠٥.

(٥) الان نيڤينز و هنری ستيل كوماچر، موجز تاريخ الولايات المتحدة، الجزء الثالث ، ص ٣٧٦–٣٧٧.

**پاریسدا پێشاندانی دۆستایەتیە بۆ هەموو دونیا، دوونیاییەك تیایدا تەواوی هێزە ئەخلاقییەكان لە ڕووی مافو عەدالەتو ئازادییەوە یەك بگرن، شێوازی ژیان ڕێكبخەن، تەواو خەڵكی بە پێی حەزو ئارەزووی خۆیان وەڵامی پرسیارەكان بدەنەوە"**[١].

لە لایەكی دیكەوە، (وڵسن) لە پاریس هەوڵیدا تای تەرازووی هێزەكان ڕابگرێتو برینەكانی جەنگی یەكەمی جیهانی شارێژ بكاتەوە، بە مەبەستی ئەوەی جارێكی دیكە جیهان ڕووبەڕووی كاولكارییەكی لەم شێوە بابەتە نەیەتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش جەختی لەسەر چواردە بەندەكەی كردەوە، بە تایبەت كە لە بەندی چواردەهەمدا پێشنیاری دامەزراندنی ڕێكخراوێكی جیهانی كردووە بۆ ئەوەی بتوانی ئاشتی لەسەر تاسەری جیهان بەرجەستە بكات، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەو بڕوایە دابوو ڕێكخستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەكرێت ببێتە دەروازەیەكی كردارەكی بۆ سیاسەتی جیهانی، هەروەها دەركی بەوە كرد بوو كە ئەو ڕێكەوتننامانەی كە لەسەر كاغەز مۆكراون، بە تەنیا بەس نیین، بەڵكو بوونی ڕێكخراوێكو ڕێسایەكی نێودەوڵەتی شتێكی پێویستە[٢]. بەمەش زۆر پشگیری دامەزراندنی كۆمەڵەی گەلانی كرد.

لێرەشدا ئەگەرچی (وڵسن) ڕۆڵێ بینی لە گفتوگۆكانی ئاشتیو دامەزراندنی كۆمەڵەی گەلان، بەڵام لە دوای گەڕانەوە لە لایەن كۆنگرێسەوە داوای ئەوەی لێكرا كە دەست لە بەندی (١٠)ی كۆمەڵەی گەلان هەڵبگرێت[٣]، بەڵام ئەو پێی وابوو كە كۆمەڵەی گەلان بێ ئەو مادەیە تەنیا شوێنێكە بۆ گفتوگۆ. جا بۆ ئەوەی بارەكەی هێوركاتەوە پەنای بردە بەر ڕای گشتی، كەچی لەوەشدا سەركەوتوو نەبوو، ئەگەر بزانیین لە كاتی گەڕانیدا بە ویلایەتەكانی ڕۆژئاوا، لە ویلایەتی كۆلورادۆ تووشی داروخانی جەستەیی بوو، دواتریش لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٢٠ تووشی شەلەلی هات[٤]. ئیتر ئەوەی كە مەبەستی بوو بنیادی بنێت لە دەستی چوو، ئەگەر بزانیین كۆنگرێس پابەندبوونی ئەمەریكا بە پەیماننامەی ئاشتی(ڤێرسا)یو (كۆمەڵەی گەلان)ی ڕەتكردەوە.

جێگای ئاماژە بۆ كردنە ئەو ڕووداوانەش هاوكات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەكانی ١٩٢٠، ئەوە بوو كۆمارییەكان سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە ئەمەریكا لە بانگەشەی هەڵبژاردنەكان جەختیان لەسەر گەڕانەوە بۆ سیاسەتی (مۆنرۆ) دەكردەوە، بەمەش توانیان لە هەڵبژاردنەكان سەركەوتن بەدەست بهێنن[٥]. لێرەشدا وڵسن بە كۆتایی هاتنی ماوەیەی سەرۆكایەتییەكەی لە ڕووی جەستییەوە لاوازو داڕزاو بوو، ئیتر بەم شێوەیە گوزەراندنی تا ئەوەی لە واشنتن لە ساڵی ١٩٢٤ سەری نایەوە.

---

(١) د. ئاراس فەریق زەینەل، مێژووی ئەمەریكا لە كۆنەوە تا ئەمرۆ، ل٢٨٣.

(٢) خليل على موراد واخرون، دراسات في التأريخ الاوروبي الحديث والمعاصر، الموصل، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، ١٩٨٨، ص ٢٥٩.

(٣) لە بەندەكەدا هاتبوو لە كاتی هەر ڕوودانی هەر كێشەیەك لە ئەوروپا، ئەمەریكا دەبوو هێزی سەربازی بە كاربهێنایە.

(٤) الان نيڤينز و هنری ستيل كوماجر، موجز تاريخ الولايات المتحدة، الجزء الثالث ، ص ٣٧٧.

(٥) عبدالعزيز سليمان نوار ود.محمود محمد جمال الدين، تاريخ الولايات المتحدة الامريكية من القرن السادس عشر حتى القرن العشرين، ص ١٧٠.

# کۆبەند

- ✓ (ولسن) بە هەموو پێوەرێك یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی ئەمەریکای ئەو سەردەمە، کە هەم وەکو خاوەن هزرو زانست، هەم وەکو سیاسی لە گۆڕەپانی ئەمەریکا دەرکەوتووەو توانیویەتی کاریگەری بەسەر بەشێك لە ڕووداوەکان بنەخشێنێت.
- ✓ (ولسن) لەگەڵ هاتنە سەر دەسەلات، گرنگی زۆریداوە بە گرفتە ئابووریو کۆمەلایەتییەکان لە ئەمەریکا، لەم بوارەشدا یاسای چاکسازییەکان لە بواری چاککردنی باوردۆخی کارکردنو ڕێگەگرتن لە کارە دزێوەکانی سەرمایەدارەکان شایەدی ئەوەن.
- ✓ لە ڕووی سیاسەتی دەرەوەدا ئامانجی سەرۆك (ولسن)و ئەوانە پێش ئەویش گەڕان بوو بە دوای بازاڕی ئابووری نوێو بەرقەرارکردنی بازرگانی بۆ ئەمەریکا. ئیتر هەر ئەوە بوو کاریگەری کردە سەر (ولسن) بیر لەوە بکاتەوە کە ئەمەریکا ئیتر پێویستی بەم گۆشەگیرییە نییە، بەڵکو دەبێت بە ڕووی دونیا دەرەوە بکرێتەوەو زلهێزی دەسەلاتەکەیو توانا ئابوورییەکەی پێشانی دونیا دەرەوە بدات. ئەمەش ئەگەرچی لە دوای ماوەیەك دوای دەسەلاتی ئەویش بەم شێوەیە کاری پێنەکرا، بەلام دواتر بوو بەردی بناغە سیاسەتی دەرەوە ئەمەریکا کە تائێستاکە کاری پێدەکرێت.
- ✓ لەگەڵ ئەوەی (ولسن) لە مەسەلە سیاسییەکان واقعیو خاوەن ئەزموون بوو، جگە لەوەش هەوڵیداوە بە شێوازی تاکتیك بیرۆکەکانی بخاتە بواری پراکتکییەوە، بەلام لە هەوڵەکانی بۆ ئاشتی لە سەر ئاستی جیهانو دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی نێو دەوڵەتی لە کۆنگرێسی وڵاتەکەی ڕووبەرووی شکست دەبێتەوە. هەروەها لە مەیدانی پڕ لە فرتو فێلی سیاسەتی ئەوروپاش، بۆچوونەکانی دوور لە ڕاستیو واقعیی لێکدراوەتەوە. بۆیە ئەمەش بە سەرەتای شکستەکانی دادەنرێت، کە دواتر بەو هۆیەوە سەری ناوەتەوە.

# لیستی سەرچاوەکان

## کتێب بە زمانی کوردی


د. ئاراس فەریق زەینەڵ، مێژووی ئەمەریکا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٠.

د. عبدالعزیز سلیمان نەوار ود. عبدالمجید نەعنەعی، مێژووی هەوهەرخ" ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسییەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی"، وەرگێڕانی: خالید هەرکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩.

د. عەونی عەبدولرەجمان سەبعاوی، مێژووی ئەمەریکا ( نوێو هاوچەرخ)، وەرگێڕانی:د. محمد عبدالله کاکەسور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٠.

فریشتە نورائی، مێژووی گۆڕانکاریی کۆمەلایەتی و سیاسیی ئەمەریکا، وەرگێڕانی: هەورامان فەریق کریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧.

د. فضل الله قورەیش، مێژووی ئەمریکا سیاسیی– ئابووری– جوگرافی، وەرگێڕانی: عەلی حاجی زەڵمی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١.

ڤیان مەجید، سیستمی حزبی لە ئەمریکا و کاریگەری لەسەر سیستمی حکوڕانی دەوڵەتەکە چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، ٢٠٠٨.


## کتێب بە زمانی عەرەبی


الان نیڤینز و هنری ستیل کوماچر، موجز تاریخ الولایات المتحدة، الجزء الثاني، ترجمة: محمد بدرالدین خلیل، دار المعارف بمصر، ١٩٧٦.

خلیل علی موراد واخرون، دراسات في التأریخ الاوروبي الحدیث والمعاصر، الموصل، مؤسسة دار الکتب للطباعة والنشر، ١٩٨٨.

ستیڤن ڤنسنت بنیه، امریکا، ترجمة: عبدالعزیز عبدالمجید، مکتب الولایات المتحدة للاستعمالات، القاهرة، ١٩٤٥.

د. صلاح احمد هریدي، دراسات في التاریخ الامریکي، درا الوفاء لدنیا الطباعة و النشر، الاسکندریة، ٢٠٠٠.

د. عبدالعزیز سلیمان و د. عبدالمجید نعنعي، تاریخ الولایات المتحدة الامیرکیة الحدیث، دار النهضة العربیة، بیروت، ١٩٧٣.

د. عبدالعزیز سلیمان نوار ود.محمود محمد جمال الدین، تاریخ الولایات المتحدة الامریکیة من القرن السادس عشر حتی القرن العشرین، دار الفکر العربي، مصر، ١٩٩٩.

کلود جولیان، الحکم و التاریخ او مئتا عام من تاریخ امریکا، ترجمة: نخلة کلاس، الطیبة الثانیة، دار خلاس للدراسات و الترجمة والنشر، دیمشق، ١٩٨٩.

کمال مظهر احمد، اضواء علی قضایا دولیة في الشرق الاوسط، بغداد، دار الحریة للطباعة، ١٩٧٨.

د. ناهد ابراهیم دسوقي، دراسات في التاریخ الامریکي، دار المعرفة الجامعیة، مصر، ١٩٩٨.


## کتێب بە زمانی ئینگلیزی


**Chares Seymour, Wilson and the World War,2007.**
**N. Asokan, a study of American History, THE MOTHER SERVICE SECIETRY.**


## ئینتەرنێت


**http://ar.wikipedia.org/wiki/ویلسون_وودرو.**
**http://www3.davidson.edu.**
**http:/millercenter.org/president/Wilson.**
**http://press.princeton.edu/about_pup/puphist.html.**

http//www.virginia.edu.

www.jnu.edu.

http://www.dhm.de/lemo/html/biografien/WilsonWoodrow/index.html

http://www.brynmawr.edu.

www.wesleyan.edu.

http://www.dhm.de/lemo/html/biografien/WilsonWoodrow/index.html.

http://millercenter.org/president/Cleveland.

http://ency.algeeria.com.

http://iipdigital.usembassy.gov.(رودولف جاى، أربريتز، قانون شيرمان لمنع الاحتكار للعام ١٨٩٠)

Wilson's Fourteen Points. An Address to a Joint Session of Congress.